# پراکتیزەکردن لە سەربنەمای بەڵگەهێناوە لە بواری کاری کۆمەڵایەتیدا وەک دیسیپلینێکی ئەکادیمی نوێ

## توێژینەوەیەکی سیستماتیکە

م.ی. گۆران حسن حسین
بەشی کۆمەڵناسی/زانکۆی سەلاحەددین

م.ی. حسن ویسی اسمر
بەشی کاری کۆمەڵایەتی/زانکۆی سەلاحەددین

ڕێکەوتی وەرگرتنی ڕەزامەندی توێژینەوە : ٢٠٢٤/٤/١٥

**پوختە**

پراکتیزەکردن لەسەر بنەمای بەڵگەهێنانەوە (Evidence-Based Practice) ، دیدگایەکی نوێیە ساڵانێکە لە بواری پزیشکیدا بەکاردەهێنرێت و گرنگییەکەی لە بواری کاری کۆمەڵایەتیدا بۆ کۆتایی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە. ئەم دیدگایە جەخت لەسەر گرنگی بەڵگەی (Evidence) متمانە پێکراو لەڕووی زانستیەوە دەکاتەوە بۆ ئەوەی بڕیاری کاریگەرتر لەلایەنی پراکتیکی لە بواری کاری کۆمەڵایەتیدا بدرێت، کە ئەمەش ئەگەری سەرکەوتن زیاتر دەکات. ئامانجی سەرەکی ئەم ڕێگایە ئەوەیە کە ئەو شێوازانە لەخۆ بگرێت کە دەتوانن پەیوەندی نێوان بوارەکە لەلایەنی تیۆرییەوە و پراکتیک بەهێزتر بکەن. هەر لەسەر ئەم بنەمایەش ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە شیکردنەوەی چەندین توێژینەوەی سەردەمی و پەیوەست بە پراکتیک لەسەر بنەمای بەڵگەهێنانەوە بەمەبەستی ناساندن و دەرخستنی بەربەستەکانی ئەم دیدگا نوێیە لە بواری کاری کۆمەڵایەتی. زۆرجار توێژەرانی کۆمەڵایەتی لەکاتی کارکردنیاندا بەتایبەتی لە چارەسەرکردن، ستراتیژیەت و پرۆسەی بڕیاردانیان سود لە ئەزموونی کەسی خودی خۆیان، ئەزموونی کەسانی تر و شارەزایان وەردەگرن و کەمتر دەگەڕێنەوە بۆ ئەو بەڵگە سەردەمیانەی لە میانەی توێژینەوەکانەوە بەدەستهاتوون. لەبەر ئەمەش پێمان وایە ئەم شێوازانەی پەیرەوی دەکەن بەس نین بۆ بڕیاردانێکی ڕاست و دروست و مامەڵەکردن لە گەڵ کەیسەکان.

لەم چوارچێوەیەدا، میتۆدی بەکارهاتوو لەم توێژینەوەیە بریتییە لە میتۆدی چۆنایەتی (Qualitative Method) ئەمەش لەڕێگەی بەکارهێنانی شیکردنەوەی ناوەڕۆک (Content Analysis) بەشێوازیکی سیستماتیک بۆ تازەترین ئەو توێژینەوانەی لەم بوارەدا کراون بە ئامانجی دۆزینەوەی ئەو بەربەستە باوانەی کە دێنە بەردەم پراکتیزەکردنی ئەم مۆدێلە.

لەدەرئەنجامدا توێژەران گەیشتوون بەوەی کە کۆمەڵێک بەربەست و ئاستەنگ هەن کە ڕێگرن لەبەردەم گەشەسەندن و پێشکەوتنی ئەم مۆدێلە لەوانە سنورداری ئاستی زانیاری و مەعریفی توێژەرانی کۆمەڵایەتی بۆ پراکتیزەکردن لەسەر بنەمای بەڵگەهێنانەوە (EBP) ؛ گومان و دڵەراوکێی توێژەر لە پراکتیزەکردنی توێژینەوە نوێیەکان بەسەر ژیانی ڕۆژانە و واقیعدا، کەمی یان نەبوونی خولی ئەکادیمی و ڕاهێنانی پێویست بە توێژەرە کۆمەڵایەتیەکان لەنێو دامەزراوەکان و بەدۆکیۆمێنت نەکردنی پرۆسەی بەڕێوەبردنی کەیسەکان بەشێوەیەکی سیستماتیک و سنورداری لە دەستڕاگەیشتنی توێژەرانی کۆمەڵایەتی بە

sjh@univsul.edu.iq

سەرچاوە و توێژینەوە ئەکادیمیە زانستیەکان، هەروەها ئەو بەربەستانەی پەیوەندی بە توێژینەوەکان هەیە وەک لاوازی توێژینەوەکان لەرووی رەوایەتی و متمانەیی لەلایەنی میتۆدۆلۆژیاوە.

**وشە کلیلەکان:** بەڵگە، پراکتیک لەسەر بنەمای بەڵگە، کاری کۆمەڵایەتی، توێژەری کۆمەڵایەتی، پێداچوونەوەی سیستماتیک.

**دەروازەی یەکەم: لایەنی تیۆری توێژینەوەکە**

**باسی یەکەم: چەمکی پراکتیزەکردن لەسەر بنەمای بەڵگەهێنانەوە (EBP)**

لەچەند دەیەی رابردوودا گرنگیەکی زۆر بە جۆرێک لە مۆدێل درا کە لەو رێگەیەوە توێژەرانی کۆمەڵایەتی دەتوانن دەستێوەردانەکانیان بەشێوەیەکی زانستی هەڵبسەنگێنن بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی کلاینت (Client)[1]. ئەو مۆدێلەش پێی دەگوترێت پراکتیزەکردن لەسەر بنەمای بەڵگەهێنانەوە (EBP)[2]. لەراستیدا ئەم مۆدێلە چەندین پێناسەی بۆکراوە، کە هەریەکەیان لەروانگە و بیرو بۆچوون و بواری جیاوازەوە دەرواننە مۆدێلەکە؛ بەڵام لەگەڵئەوەشدا، ئەو پێناسەیەی کە زۆربەی شارەزایان کۆکن لەسەری و پێمان وایە باشترین پێناسەیە کە تاکو ئێستا بۆ پراکتیزەکردن لەسەر بنەمای بەڵگەهێنانەوە (EBP) کرابێت و لەنێو بواری کاری کۆمەڵایەتیدا پێناسەکەی ئیلیان گامبرێلە (2018)[3] پێناسەکە کورت و پوختە، لەگەڵئەوەشدا گامبرێل هەوڵیداوە هەموو ئەو لایەنانەش بخاتە نێو پێناسەکەی کە بۆ پرۆسەی EBP گرنگن. گامبرێل پێی وایە، EBP بریتییە لە یەکخستنی شارەزایی تاکەکەسی توێژەری کۆمەڵایەتی یان پراکتیزەکار لەگەڵ باشترین بەڵگەی بەردەست لەچوارچێوەی بەها و چاوەڕوانیەکانی کلاینت. لە پێناسەکەدا گرنگترین شت کە پێویستە ئاماژەی پێ بکرێت چەمکی "بەڵگە" (Evidence)یە، لەهەموو زانستەکاندا (سروشتی و کۆمەڵایەتیەکان) بەڵگە بەکاردەهێنرێت بۆ مەبەستی بریاردان. بەواتای بریاردان لەسەر ئەوەی کام رێگا و مۆدێلە گونجاوە بۆ پراکتیزەکردن لەژیانی رۆژانەدا. لەم توێژینەوەی کە "یو و هاوکارانی" (2024) ئەنجامیان داوە بۆ چەمکی بەڵگە تێڕوانینێکی باشمان پێ دەدات سەبارەت بەوەی کە چ شتێک بە بەڵگە دادەنرێت و چ شتێکیش وەک بەڵگە رەچاو ناکرێت! ئەوان لە توێژینەوەکە گەیشتوون بەو ئەنجامەی کە هەم لە نێو زانستە کۆمەڵایەتیەکان و هەمیش لە نێو زانستە سروشتیەکان بەڵگە بەمانای زانیاری (Information) دێت (Yu et al., 2024: 40). هەموو بەڵگەیەک زانیارییە، بەڵام هەموو زانیاریەکیش بە بەڵگە دانانرێت. بەڵکو ئەو زانیاریانەی کە وەک بەڵگە رەچاودەکرێت پێویستە زانیاری زانستی بن و بەشێوەیەکی سیستماتیکی کۆبکرێنەوە یان هەڵبسەنگێندرێن، جگەلەمەش پێویستە ئەو زانیاریانە لە توێژینەوەکانەوە سەرچاوەیان گرتبێت، ئەو توێژینەوانەش راستی و رەوایەتی[4] بەرزیان هەبێت (Ibid, 41). بەمانایەکی تر بەڵگەکان لەسەر بنەمای ئەو توێژیژینەوانە بن کە ئاستێکی میتۆدۆلۆژیای بەرز و توانای گشتاندنێکی فراوانیان هەبێت بەسەر کۆمەڵگای توێژینەوەکانیاندا. هەر لەبەرئەوە شارەزایانی EBP هەموو جۆرە توێژینەوەیەک پەسەند ناکەن وەک سەرچاوەیەک بۆ بەڵگەی زانستی، تەنانەت هەندێکیان تەنها توێژینەوەی ئەزمونگەرییان لا پەسەندە (Zarghi, 2018: 209)، ئەمەش

---

[1] - لەم توێژینەوەیە وشەی "کلاینت" بەهەمان شێوەی وشە ئینگلیزیەکە ''Client'' بەکارهاتووە؛ ئەمەش لەبەرئەوەی وشەیەکی گونجاو لە زمانی کوردی نەبوو بۆ ئەوەی گوزارشت لەو مانایە بکات کە ئێمە لەم توێژینەوەیە مەبەستمانە؛ هەرلەبەر ئەوەش وشە ئینگلیزیەکە بە گونجاوتر زانراوە.

[2] - Evidence Based Practice

[3] - Eileen Gambrill پرۆفیسۆر و مامۆستایە لە زانکۆی کالیفۆرنیا و چەندین توێژینەوەی هەیە لەبوارەکانی پراکتیزەکردن لەسەر بنەمای بەڵگەهێنانەوە، شێوازەکانی رەفتاری مرۆیی، بریاردانی پیشەیی و تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی و هەڵسەنگاندنی پراکتیک و ... بڕوانە https://socialwelfare.berkeley.edu/people/eileen-gambrill

[4] - Reliability and Validity

لەبەرئەوەی ئاستی متمانە و راستێتی ئەو توێژینەوانە بە بەرزتر دەزانن بە بەراورد بە توێژینەوەکانی تر. بەشێکی تر لە شارەزایانی EBP دوو جۆرە بەڵگەیان لا پەسەندە، ئەوانیش بریتیین لەو بەڵگەیەی کە لەسەر بنەمای ئەزموونی توێژەرە کۆمەڵایەتیەکەوە سەرچاوە دەگرێت و هەروەها ئەو بەڵگەیەی کە بە بەڵگەی کۆنتێکست (Contextual Evidence) دەناسرێت. مەبەست لە بەڵگەی ئەزموونی بریتییە لەو شارەزایی و پیشەیی و تێروانین و لێهاتوویەی کەڵەماوەی چەندین ساڵدا کەڵەکە بووە لەلایەن توێژەر یان کەسانی پسپۆڕ لە بوارەکەدا. سەبارەت بە بەڵگەی کۆنێکستی، واتا چەندە ئەو زانیاریانەی کە لە توێژینەوەکان وەردەگیرێت دەگونجێت لەگەڵ واقیع و ژیانی رۆژانەدا. بۆیە گەر توێژینەوەیەک نەتوانرێت پراکتیزە بکرێت لە ژیانی رۆژاندا و لەگەڵ چوارچێوە و ژینگەی کلاینت نەگونجا ئەو وەک بەڵگەی دروست سەیری ناکەن و لەسەر ئەو بەڵگەیە بریار نادەن، بۆیە لەبری ئەوەی بریارەکان تەنها لەسەر جۆری توێژینەوەکە بنیاد بنرێت، ئەوە هۆکارە کۆنتێکستەکان و ئەزموونی توێژەرانیش رەچاو دەکرێت. تەنانەت ئەگەر توێژینەوەکان لەسەر بنەمای دیزاینێکی بەرز بێت و پلەیەکی باڵایان هەبێت، هێشتا پێویستی بە هەڵسەنگاندن هەیە بۆ زانینی کواڵێتی و ئاستی گشتاندن و کارپێکردنی توێژینەوەکە، هەر لەم چوارچێوەیەدا، ئەو هەڵسەنگاندنەی دەکرێت پێویستە هەڵسەنگاندنێکی رەخنەیی و سیستماتیکی بێت بۆ دەستنیشانکردنی کەم و کورییە میتۆدۆلۆژییەکان و دیاریکردنی کواڵێتی توێژینەوەکان. جگەلەمەش رەچاوکردنی رەوایی و توندی توێژینەوەکە، متمانەپێکراوی ئەنجامەکان، ئاستی گشتاندن و کارپێکردنی ئەنجامەکان، ئاستی بەسودی دۆزینەوەکان و پەیوەندیداریان بە پێداویستیەکان کە توێژەر بەدوایدا دەگەرێت (Malone et al, 2004: 84).

پێناسەکەی گامبرێل ئاماژە بە بابەتێکی تری زۆر گرنگ دەکات ئەویش بەهاکانی کلاینتە. زۆربەی شارەزایانی EBP پێیان وایە ئەگەر توێژەرانی کۆمەڵایەتی لەکاتی بریارداندا گرنگی بە جیاوازییە کولتوورییەکان نەدەن ئەوا ناتوانرێت وەک باشترین پراکتیزە یان EBP دابنرێت(Morales and Norcross, 2010). هەرچەندە هەڵبژاردنی ئەو شێوازە پراکتیزەی کە توێژەر بریاری لەسەر دەدات بۆ ئەوەی لەگەڵ پێداویستیە کولتوورییەکانی کلاینت بگونجێت پرۆسەیەکی ئاسان نیە و کاتێکی زۆری دەوێت، بەڵام بەشێکی گرنگیشە لە ئەنجامدانی پراکتیزەکردن لەسەر بنەمای بەڵگەهێنانەوە. مەبەست لەم بەهایانەش، لایەنە دیمۆگرافیەکانی کلاینتە، وەک ناسنامەی رەگەزی، نەتەوە، چینی کۆمەڵایەتی، ئایین.

کەواتە، بە پوختی EBP لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە کە باشترین رێگە بۆ گەرەنتیکردنی ئەوەی کە شتێک، رێگایەک، کارکردنێک، بۆچوونێک و ئایدیایەک کاردەکات، ئەوەیە بە شێوەیەکی زانستی بیسەلمێنیت کە کاردەکات؛ ئەمەش لەرێگەی هێنانە ناوەوەی ئەو تیۆر و توێژینەوانەی کە کراون لەسەر بابەتی خوازراو بۆ نێو پراکتیک و ژیانی رۆژانە.

## باسی دووەم: کورتەیەک لە مێژووی سەرهەڵدانی پراکتیزەکردن لەسەر بنەمای بەڵگەهێنانەوە (EBP)

راوبۆچوونی جیاواز هەن سەبارەت بەوەی کە رەگ و ریشەی ئەم چەمکە بۆ کەی و کێ دەگەڕێتەوە. هەندێک لەسەرچاوەکان پێیان وایە مۆدێلی EBP وەک میتۆدۆلۆژیا بە زۆری دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩١٠، کاتێک کۆمەڵەیەکی پزیشکی لە ئەمەریکا لە دامەزراوەیەک بەناوی دامەزراوەی کارنگی کاریان لەسەر پرۆژەیەکی گرنگ دەکرد بەمەبەستی پێشخستنی

ڕێگاکانی وانەوتنەوە لە بواری پزیشکیدا. بۆیە بۆ ئەم مەبەستە زانایەکیان بەناوی ئەبراهام فلیکسنەر[5] ڕاسپارد هەڵسێت بە ئەنجامدانی ڕاپرسیەک لە قوتابخانە پزیشکیەکانی ئەمریکا و کەنەدا. ڕاپرسیەکە نوێنەرایەتی کۆمەڵگایەکی توێژینەوەی گەورەی دەکرد. فلێکسنەر لەم ڕاپرسیەدا ١٥٥ قوتابخانەی پزیشکی وەرگرت؛ لەدەرئەنجامدا ڕەخنەی توندی لەو جۆرە ڕاهێنان و شێوازی پراکتیکە گرت کە لەنێو دامەزراوە پەروەردەییەکان پێشکەش دەکران. دۆزینەوەکانی فلێکسنەر ئەوەیان دەرخست کە زۆربەی قوتابخانە پزیشکیەکان پەروەردەیەکی پزیشکی زۆر لاواز پێشکەش دەکەن، مەنهەجەکانیان لەسەر بنەمای زانستی نەبووە (Flexner, 1910). دواتر ئەم ڕاپۆرتە ستانداردێکی کوالێتی پەروردەیی بەرزی دامەزراند، تەنانەت زۆرێک لە قوتابخانە پزیشکیەکانی ئەو کات لەتوانایاندا نەبوو جێبەجێی بکەن، بۆیە تا ساڵی ١٩٣٥ زۆربەیان داخران (Babker, 2023) . هەرلەبەر ئەوە بەشێک لە شارەزایان پێیان وایە ڕاپۆرتەکەی فلیکسنەر بە دەستپێکی گەشەسەندنی EBP دادەنرێت.

بەشێکی تر لە بۆچوونەکان سەبارەت بە مێژووی EBP دەگەڕێنەوە بۆ توێژینەوەکەی (Cochrane, 1972). ئامانجی کۆکرەین لە توێژینەوەکە دامەزراندنی بنەمایەکی عەقڵانی و سیستماتیکی بوو بەمەبەستی دیاریکردنی باشترین و زانستی ترین بەڵگە لەکاتی بریاردان بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشەکان. بەهەمان شێوە کۆکرەینیش ئاماژەی بەوە دەکرد ئەو جۆرە چارەسەرکردنانەی هەن لەنێو کلینیکیەکان لەسەر بنەمای خوێندنەوەیەکی قوڵ و گەڕانێکی سیستماتیکی باش لەلایەن خودی پسپۆڕەکە نەبوون، بۆیە توێژینەوەکەی ئەو بۆشاییەی پڕکردەوە کە لە نێوان توێژینەوە و پراکتیکدا دروست بوو بوون (Cochrane, 1972). کۆکرەین ئاماژەی بەوە دەکرد یەکێک لەو پێوەرانەی لەکاتی گەڕان بەدوای ئەو توێژینەوانەی کە وەک بەڵگە بەکاریدەهێنین ئەوەیە دەبێت توێژینەوەکە لەسەر بنەمای تاقیکردنەوەی هەڕەمەکی کۆنترۆڵکراو (RCT)[6] بێت. ئەم جۆرە توێژینەوەیە بەشێکە لە توێژینەوە ئەزموونیەکان، بەڵام زیاتر لە بواری پزیشکی و تەندروستی بەکاردەهێنرێت بۆمەبەستی هەڵسەنگاندنی ئەو چارەسەریە پزیشکیانەی کە بۆ نەخۆشەکان ئەنجام دەدرێت، ئەم جۆرە توێژینەوانە بەوە جیادەکرێنەوە کە کۆمەڵگای توێژینەوەکەی زۆر فراوانترە بە بەراورد بە توێژینەوە ئەزموونیەکانی تر. توێژەر لەم جۆرە توێژینەوەیەدا هەڵدەستێت بە هەڵبژاردنی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگای توێژینەوەکەی کە تایبەتمەندیەکی هاوشێوەیان هەیە، دواتر بەشێوەیەکی هەڕەمەکی دابەشیان دەکات بەسەر چەندین گروپ، دواتر لەم چەند گروپەدا دووبارە توێژەرەکە ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەی بەشێوەیەکی هەڕەمەکی دابەش دەکاتەوە بەسەر دوو گروپی تر ئەوانیش گروپی کۆنترۆڵکراو و گروپی تاقیکارین، لەگروپی کۆنترۆڵکراودا گۆڕاوەکان هەمووی کۆنترۆڵ دەکرێت و دەستکاری ناکرێت، بەڵام گروپی تاقیکاری ئەو گروپەیە کە گۆڕاوەکانی تیادا دەستکاری دەکرێت بۆ زانینی ئاستی کاریگەری گۆڕاوە سەربەخۆکە. هەرلەبەرئەوە، کۆکرەین زۆر پشتگیری توێژینەوەی چەندایەتی (Quantitative) دەکرد، چونکە پیی وابوو ئەم جۆرە توێژینەوانە ئاستی ڕاستێتی بەرزترە و هەروەها بێلایەنتر و متمانەپێکراوترە لەچاو توێژینەوەکانی تر (Cochrane, 1972: 20)، وەک چۆنایەتی بەنمونە (Qualitative). لەڕاستیدا ئەم بۆچوونە ئێستا بۆتە تۆڕێکی جیهانی و بەدواداچوون بۆ (RCT) دەکات و بەشێوەیەکی

[5] Abraham Flexner-: لەساڵی ١٨٦٦ لە ئەمەریکا لە دایکبووە، کەسێکی شارەزابوو لە بواری پەروەردەیی و ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە ناساندنی پزیشکی مۆدێرن و پەروەردەی زانستی لە زانکۆ و کۆلێژەکانی ئەمەریکا، بەتایبەتی لەرێگەی ئەو هەڵسەنگاندن و ڕاپۆرتەی ئەنجامی دا لە نێو قوتابخانە پزیشکیەکانی ئەمەریکا و کەنەدا.

[6] - Randomized Control Trail

رەخنەگرانە توێژینەوەکان هەڵدەسەنگێنێت و کۆیدەکاتەوە و دواتر ئەنجامەکان بەشێوەی ئۆنلاین بڵاودەکاتەوە (بڕوانە www.cochrane.org).

ئەگەر سەرنج بدەین رەگ و ریشەی EBP دەگەڕێتەوە بۆ بوارە پزیشکیەکان، هەرچەندە لەژێر ناوی جیاوازدا پراکتیزە دەکرا وەک EBM[7] کە ئامانجی ئەوە بوو کلینیکیەکان لە بواری پزیشکی بتوانن باشترین بەڵگەکانی توێژینەوە لەگەڵ شارەزایی پسپۆڕانی بواری کلینیکی و بەهاکانی نەخۆش تێکەڵ بکەن. دواتر ئەم رێبازە گواسترایەوە بۆ بواری تر وەک تەندروستی دەروونی و لەم دوایەشدا بۆ بواری پەروەردە لەکۆتاییدا بۆ دیسپلینە جیاوازەکانی تر لەوانەش بۆ کاری کۆمەڵایەتی. ئێستا ئەم رێبازە وەک رێبازێکی پەسەندکراو بۆ مەبەستی بڕیاردان لەسەر باشترین رێگای چارەسەری بەمەبەستی پراکتیزەکردن لە سەرانسەری زانستە کۆمەڵایەتیەکان گرنگیەکی زۆری پێ دەدرێت. لەگەڵئەوەشدا هاتنە ناوەوەی ئەم رێبازە بۆ نێو بواری کاری کۆمەڵایەتی مێژوویەکی زۆر کورتی هەیە و لە چل ساڵ تێپەڕناکات، بەپێی زۆربەی سەرچاوەکان EBP لە کۆتایی نەوەدەکان دەستی بە کاریگەری کردووە لەسەر کاری کۆمەڵایەتیدا (Trinder and Reynolds, 2000). ئەمەش ئەو کاتەبوو کە گرنگی دان بە دیزاینی تاکە کەیس (Single-Case Design) کەمتر بووەوە. ئەو جۆرە دیزاینە بەواتای ئەوە دێت هەر بەشداربووەکی توێژینەوەکە بە تەنها وەردەگیرێت و داتای هەر کەسێک بەجیا شیکردنەوەی بۆ دەکرێت، نەک بەشێوەی گروپ. ئەمەش لەسەر بنەمای ئەوەی هەر تاکێک دەکرێت خاوەن تایبەتمەندی جیاواز بێت و لەژینگە و کولتووری جیاوازەوە هاتبێت. هەرلەبەر ئەوە ناکرێت رێگایەکی چارەسەرکردن بۆ کەسێک گونجاو بێت و بۆ کەسێکی تریش بەهەمان شێوە و ئاست گونجاو بێت. بۆیە لە ساڵانی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکان بەشێک لە توێژەرانی بواری کاری کۆمەڵایەتی پشتگیریان لە بەکارهێنانی دیزاینی توێژینەوەی تاکە کەیس دەکرد (Tripodi, 1994)، ئەمەش بەمەبەستی هەڵسانگاندن و بە دۆکیومێنتکردنی دەرئەنجامی ئەو کەیسانەی کاریان لەسەر دەکردن. توێژەرانی کاری کۆمەڵایەتی ئەم رێگایەیان بە پراکتیزەکردن لەسەر بنەمای ئەزموونی[8] ناوبرد. ئامانجی ئەم رێگایەش باشترکردنی توێژینەوە بوو کە پێیان وابوو پراکتیزەکردن لەسەر بنەمای ئەزموونی کەیس بە کەیس کاریگەرترن. هەرچەندە ئەم رێگایە جەختی لەسەر شتێکی تەواو جیاواز دەکردەوە لە EBPی رۆژانی ئەمرۆ، بەتایبەتی کاتێک EBP لە ئێستادا گرنگی بە قەبارەی گەورەی ئاستی کۆمەڵگای توێژینەوە و ئەنجامی توێژینەوەکان دەدا. بۆیە یەکێک لەم رەخنانەی کە لە توێژینەوەی تاکە کەیس گیرا ئەوە بوو کە سەرەڕای ئەوەی رێگایەکی بەسودە، کەچی دیزاینەکانی توێژینەوەی تاکە کەیس بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە ئەوە نیشان نادەن کە چارەسەرکردن یان بەرنامەکە بۆتە هۆی هیچ سودێک یان زیانێک کە روویداوە. هەرچەندە ئەم رێگایە گەرەنتی ئەوە دەکات کە کلاینت باشتر بووە یان نا، بەڵام تەنها کارکردنی لەسەر تاکە کەیس ناتوانێت ئەوە دەربخات کە چارەسەرکردنەکە بۆتە هۆی ئەو گۆڕانکاریە، بۆیە لەوانەیە چەند هۆکارێکی تر بووبێتن. لەبەرئەوە کاری کۆمەڵایەتی دەستیکرد بە وەرگرتنی مۆدیلی EBP وەک رێگایەک کە زیاتر لەسەر بنەمای داتا کاردەکات، ئەمەش بۆ رێنماییکردنی ئەو بڕیارەی کە پێش دەستپێکردنی پرۆسەی چارەسەرکردن دەدرێت.

[7] -Evidence Based Medicine

[8] - Empirically Based Practice

**باسی سێیەم: پەیوەندی نێوان کاری کۆمەڵایەتی و پراکتیزەکردن لەسەر بنەمای بەڵگەهێنانەوە (EBP)**

ئەوەی لێرەدا گرنگە ئاماژەی پێ بکەین ئەوەیە، پەیوەندی EBP بە کاری کۆمەڵایەتی چیە و بۆچی EBP گرنگە بۆ ئەم بوارە پراکتیکە؟ کاری کۆمەڵایەتی بریتییە لە دیسیپلینێکی کارپێکراو لەناو زانستە کۆمەڵایەتییەکان کە لە ڕوانگەی سایکۆکۆمەڵایەتییەوە لە تاک نزیک دەبێتەوە و بەم تایبەتمەندییە خۆی لە بوارەکانی تری زانستە کۆمەڵایەتییەکان جیا دەکاتەوە (Bolzan, 2007)، هەرچەندە ئەم تایبەتمەندییەی کاری کۆمەڵایەتی پێویستی بەوە هەیە کە لە ڕوانگەیەکی زۆر فراوانترەوە لە تاک نزیک بێتەوە، بەڵام پارادایمە زانستییەکانی ئەمڕۆ پشتگیری لەم ڕێبازە دەکەن و بە تەندروستی دەزانن. هەرلەم چوارچێوەیەدا کاتێک توێژەرانی بواری کاری کۆمەڵایەتی مۆدێلی پراکتیزەکردن لەسەر بنەمای بەڵگە هێنانەوە بەکاردەهێنن، زۆرجار کارەکانیان کاریگەرتر و دینامیکترە. ئەمەش بەهۆی ڕەچاوکردنیان بۆ هەندێک لایەنی ئیتیکی و دوورکەوتنەوە لە لایەنگیری (Bias) و هەروەها مامەڵەکردنیان بەشێوەیەکی ڕەخنەگرانە بۆ ئاستەنگە نوێیەکان؛ ئەمانە هەمووی ڕێگەیان پێدەدات خزمەتگوزاریەکی کوالێتی بەرزتر پێشکەش بە کلاینت بکەن بەتایبەتی لە بەڕێوەبردنی کەیسەکان (Case Management).

مۆدێلی EBP تەنها بۆ توێژەر کورت نابێتەوە، بەڵکو ڕێکخراوە ناحکومیەکان NGO لەکاتی جێبەجێکردنی ئەم مۆدێلە دڵنیایی ئەوە دەدەن کە بەکارامەترین شێوە خزمەت بە کلاینت دەکرێت، چونکە هەر پلانێکی چاودێری لەسەر بنەمای بارودۆخی ئێستای کلاینت و کولتوور و پێداویستیەکانی جێبەجێدەکرێت. کاری کۆمەڵایەتی لەسەر ئەم بنەمای مۆدێلە هێزی توێژینەوە وەک بەڵگەیەکی زانستی بەکاردەهێنێت بۆ ڕێنمایکردنی شێوازەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی کەیسەکان. پراکتیزەکردن لەسەر بنەمای بەڵگەهێنانەوە وەک پرۆسە و مۆدێلێکی پراکتیکی پاڵ بە توێژەرانی بواری کاری کۆمەڵایەتی دەنێت کە بەردەوام گریمانەکانیان بخەنە ژێر پرسیارەوە و بە بەردەوامی بەدوای زانیاری نوێدا بگەڕێن. هەروەها لەگەڵ داهێناندا هاوئاهەنگیان دەکات، چونکە پرۆسەی پراکتیکی بەڵگەدار شوێنێکی کەم بۆ بیرکردنەوەی کۆنە بەجێدەهێڵێت. جگەلەمانەش، بەهێزکردنی توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە دۆزینەوەی شێوازە پەیوەندیدارەکان، کە ڕەنگە پێشتر بۆیان نەزانرابێت، بۆئەوەی بە باشترین شێوە پێداویستییەکانی کلاینت جێبەجێ بکەن (Eliasson, 2014: 27).

لە کاتێکدا کاری کۆمەڵایەتی ڕۆژێک پشتی بە ئیستدلال و بۆچوونی باو و نەریتی بەستووە، بەڵام کاتێک پراکتیزە زانستییە پشتڕاستکراوەکان لەبەردەستدا بن، گرنگە تەنها پشت بە ڕێگا نەریتیەکان نەبەسترێت. لەگەڵئەوەشدا، EBP لە هەموو ئاستەکاندا دەتوانرێت بەکاربهێنرێت؛ (ماکرۆ، مێزۆ و مایکرۆ) (Gray, Plath & Webb, 2009:19-20). ئەمەش لە ڕێگەی پراکتیزە پیشەییەکانی کاری کۆمەڵایەتیەوە دەکرێت. پراکتیزەکردن لەسەربنەمای بەڵگەهێنانەوە و کاری کۆمەڵایەتی بۆ مەبەستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ کلاینت دامەزراون (Hepworth and others, 2017). هەردووکیان جەخت لەسەر تێگەیشتن لەو توێژینەوانە دەکەنەوە کە لەبەردەستدان، هەردووکیان باوەڕیان بەو بنەمایە هەیە کە گرنگە پێش بڕیاردان لەسەر چۆنیەتی هەڵبژاردنی باشترین بەڵگە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەسەر بنەمای زانستی و میتۆدۆلۆژییەکانی توێژینەوە نوێیەکان بێت. یەکێکیش لە بڕیاردان لە EBP بریتییە لە هەڵسەنگاندێکی ڕەخنەگرانە و سیستماتیکی بۆ توێژینەوەکان، و EBP جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بنەمای دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنەکە نابێت تەنها لەسەر بنەمای ئەزموون و

بیروبۆچوون و ڕۆتیناتی کۆن بێت، بەڵکو گرنگە پشت بە هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەگرانە بۆ ئەدەبیاتی پێشوو (Literature Review) و زانستی ببەسترێت (Ibid).

**دەروازەی دووەم: لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە**

**بەشی یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوە**

**یەکەم: گرفتی توێژینەوە (Research Problems)**

پراکتیزەکردنی EBP دەرفەت بە توێژەرانی کۆمەڵایەتی دەدات بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندن بۆ لایەنی پیشەیی و پراکتیکی خۆیان بکەن و هەروەها لە لاوازی و خاڵە بەهێزەکانی ئەو لایەنەش تێبگەن. بەڵام لەڕاستیدا توێژەرانی کۆمەڵایەتی بە دەگمەن سود لە EBP وەردەگرن لە پراکتیک و بەکارهێنانی زانیاریدا بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستان. ئەمەش لەوە دەچێت بەشێک لە بەربەستەکان پەیوەندی بە شێوازی بە پراکتیزەکردنی توێژینەوەکان هەبێت لە ژیانی ڕۆژانەدا! بەواتایەکی تر ئاستی توێژینەوە بەردەستەکان چەندە گونجاون بۆ گواستنەوەیان بۆ لایەنی پراکتیکی؟ لەبەرئەوە ئەو زانیارییانەی توێژەرانی بواری کاری کۆمەڵایەتی پێویستیان پێ هەیە لە هاوکاران و سەرپەرشتیاریان وەردەگرن یان وەک کلێشەیەک لە نێو دامەزراوەکە کە کاری بۆ دەکەن هەیە و ئاراستە دەکرێن، بۆیە ئەو بەڵگانەی کە لە توێژینەوەکاندا هەن ناخرێنە نێو لایەنی پراکتیکی پیشەیی لەبوارەکەدا. پرسیاری ئەم توێژینەوەیەش لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە کە بریتییە لەوەی، بۆچی توێژەرانی کۆمەڵایەتی هەوڵی پراکتیزەی EBP نادەن؟ بۆ ئەم مەبەستە توێژەرانی ئەم توێژینەوەیە هەوڵیانداوە ئەو بەربەست و ئاستەنگانە ڕوونبکەنەوە کە دێتە بەردەم پراکتیزەکردنی EBP ئەویش لەڕێگەی پێداچوونەوەیەکی سیستماتیکی بۆ باشترین توێژینەوەکان کە لەبوارەکە کراون. هەروەها، لەسەربنەمای چەند پێوەرێکی زانستی و سیستماتیک لەنێو چەندین توێژینەوەی تردا توێژینەوەکان هەڵبژێردراون.

**دووەم: ئامانجی توێژینەوە (Purpose of the Research)**

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە لەم چەند پرسیارەی خوارەوە کورت دەبێتەوە:

١. بەربەستەکانی بەردەم پراکتیزەکردنی EBP چین؟

٢. کاریگەرترین بەربەستەکان لەبەردەم EBP لەکاتی پراکتیزەکردندا کامانەن؟

**سێیەم: گرنگی توێژینەوە (The Significant of the Research)**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەئەوەدا دەبینێتەوە کە پراکتیزەکردن لەسەر بنەمای بەڵگەهێنانەوە لە هەرێمی کوردستان دیسپلینێکە پێویستە لەهەموو بوارەکانی زانستە کۆمەڵایەتیەکان پەیڕەو بکرێت، بەتایبەتیش لە بوارێکی گرنگی کرداری وەک کاری کۆمەڵایەتیدا. بۆئەم مەبەستە ئەم توێژینەوەیە جەخت لەسەر ناساندنی بابەتەکە و هەروەها دیاریکردنی ئەو بەربەستانەی کە دەکرێ لەکاتی پراکتیزەکردنی دیسپلینەکە ڕووبەڕووی کاری کۆمەڵایەتی ببێتەوە. لەبەرئەوە توێژینەوەکە بە پلەی یەکەم گرنگی بۆ بواری کاری کۆمەڵایەتی هەیە ئەمەش لەسەر بنەمای ئەوەی کۆمەڵگا لە دۆخێکی بەردەوامی پێکهاتندایە و دیاردە

و حاڵەتەکان هاوتەریب لەگەڵ تاک لەناو ژینگەکەیدا دەگۆڕدرێن؛ بیرۆکە و هەڵوێست و شێماکان پێکهاتەی جێگیر نین، بۆیە کاری کۆمەڵایەتی پێویستی بە توێژینەوەی نوێ و شێوازی بەکارهێنانی نوێتر هەیە لە پراکتیزدا.

چوارەم: میتۆدۆلۆژیای توێژینەوە (Research Methodology)

ئەم توێژینەوەیە پشت دەبەستێت بە شێوازێکی چۆنایەتی (Qualitative Method) لەشیکردنەوەی ئەو داتا و زانیاریانەی کە لەتوێژینەوەی بەردەست وەرگیراون و هەروەها لەرێگەی میتۆدی شیکردنەوەی ناوەڕۆک (Content Analysis) و شێوازی شیکاری سیستماتیک (Systematic Review) شیکردنەوە بۆ چەندین توێژینەوەی زانستی کراوە. ئەو توێژینەوانەی لە بواری پراکتیزەکردن لەسەر بنەمای بەڵگەهێنانەوە (EBP) بەردەستبوون نزیکەی (69) توێژینەوە بوون. دواتر توێژەران لەرێگەی بەکارهێنانی شێوازێکی سیستماتیکی گونجاو و زانستی هەڵساون بە هەڵبژاردنی چەند توێژینەوەیەک کە لەگەڵ پرسیار و گرفتی توێژینەوەکە بگونجێت. بۆیە توێژینەوەکان لەم ڕێژەیە بە دوو قۆناغدا ڕۆیشتوون. قۆناغی یەکەم: 34 توێژینەوە لەبەر پەیوەندیان بە بوار و پسپۆڕی ترەوە لابراون، هەروەها هەندێکیان لەبەر ئاستی نزمی راستی و رەوایەتی (Reliability and Validity) فەرامۆشکراون. جگەلەمەش 16 توێژینەوەی تر لەبەر کەمی زانیاری و پەیوەندی نەبوونی راستەوخۆ بە بابەتەکە لابراون. لە قۆناغی دووەم: ئەوەی ماوەتەوە 19 توێژینەوەبوو کە هەریەک لەمانە بە جۆرێک لەجۆرەکان پەیوەندیان بە توێژینەوەکەی ئێمە هەبووە، بەڵام 10 لەم توێژینەوانە لەگەڵ ئەوەدا کە توێژیینەوەی پەیوەندیدار بوون، بەڵام لەبەر دووبارەبوونەوەی زانیارییەکان و گەیشتن بە ئاستی تێربوونی زانیاری (Data Saturation) فەرامۆش کراون. بەگشتی لەم ڕێژەیەی باسکرا 9 توێژینەوە بە شێوەیەکی سیستماتیکی وەرگیراون و لەسەر بنەمای نزیکی توێژینەوەکان و هەروەها نزیکی میتۆد و کۆمەڵگای توێژینەوەکان و تایبەت بەبواری کاری کۆمەڵایەتی هەڵبژێردراون و شیکراونەتەوە و بەربەست و ئاستەنگەکان لەبواری EBP لێیانەوە دەرخراون.

**بەشی دووەم: شیکردنەوەی توێژینەوە بەردەستەکان**


**باسی یەکەم: ئەو بەربەستانەی پەیوەندی بە خودی توێژەرەکە هەیە**

لەراستیدا دوای شیکردنەوەی ئەو زانیاریانەی کە لەنێو توێژینەوە هەڵبژێردراوەکاندا هەبوون دەرکەوت کە ڕێژەیەکی زۆری بەربەستەکان پەیوەندی بە خودی توێژەرە کۆمەڵایەتیەکە خۆی هەیە، هەرچەندە هەندێک لەبەربەستەکان ناراستەوخۆ لەئەنجامی هەندێک هۆکاری ترەوە کاردەکەنە سەر توێژەری کۆمەڵایەتی و جێبەجێکردنی EBP زەحمەتتر دەکات، بەڵام لەگەڵئەوەشدا ئاستەنگە سەرەکیەکە بۆ توێژەرەکە دەگەڕێتەوە. هەرلەم چوارچێوەدا، دەتوانین ئەو بەربەست و ئاستەنگانە کەپەیوەندی بە خودی توێژەرە کۆمەڵایەتیەکە هەیە پۆلین بکەین بۆ دوو جۆر لەوانە:

**یەکەم: توانای خودی توێژەر لە ئەنجامدانی توێژینەوە**

ئەو بەربەستانەی کە پەیوەندی بە توانای توێژەرەکە هەیە بریتین لە زانیاری سنورداری توێژەرەکە لەسەر میتۆدۆلۆژیا و تەکنیکەکانی توێژینەوەی زانستی (Joakim, et al., 2020; Farley, et al., 2009; Zwet, et al., 2019, Abdelaal,

(2021. زانیاری سنوردار لەسەر چۆنیەتی ئەنجامدانی توێژینەوە و میتۆدۆلۆژیای توێژینەوەی زانستی دەتوانێت ببێتە بەربەست و ئاستەنگێکی گەورە لەبەردەم پراکتیزەکردنی EBP، ئەمەش لەبەرئەوەی بەبێ تێگەیشتن لە میتۆدۆلۆژیای توێژینەوە رەنگە توێژەر توشی کێشە ببێت لە هەڵبژاردنی دیزاینی توێژینەوەیەکی گونجاو بۆ پراکتیزەکردنی EBP، جگەلەمەش کۆکردنەوەی زانیاری دروست و متمانەپێکراو و دەرئەنجامە وردەکان بەشێکن لە پرۆسەی جێبەجێکردنی بەڵگەی بنەمادار. بۆیە کاتێک لەم رووەوە کەم و کوری لە توانای توێژەرە کۆمەڵایەتیەکە هەبێت ئەوە رەنگە توێژەرەکە نەتوانێت بەوردی بریاری دروست بدات لە چارەسەرکردن و رووبەرووبوونەوەی کەیسەکان لەسەر بنەمایەکی زانستی و جگەلەمەش رەنگە نەتوانێت هەڵسەنگاندنێکی رەخنەگرانە لەسەر بنەمایەکی سیستماتیکی بکات بۆ توێژینەوەکان کە وەک بەڵگە بەکاریان دەهێنێت بۆ پراکتیزەکردنەکە. جگەلەمانەش، وەک ئەوەی لە توێژینەوەکان دەرکەوتووە توێژەرانی کۆمەڵایەتی مەیلیان بۆ خوێندنەوە و خۆپێگەیاندن لەبوارەکەی خۆیان لە ئاستێکی زۆر نزم دایە و رێژەی بەکارهێنان و خوێندنەوەیان بۆ توێژینەوەی زانستی و ئەو بابەتانەی پەیوەندی بە بوارەکانی خۆیان هەیە زۆرکەمە. تەنانەت هەندێک لە توێژەران پێیان وایە پراکتیزەکردن لەسەر بنەمای بەڵگەهێنانەوە تەنها کات بەفیرۆدانە. بۆنمونە وەک لە هێلکاری ژمارە (١) روونکراوەتەوە رێژەیەکی زۆر کەم لە توێژەرانی بواری کاری کۆمەڵایەتی مەیلیان بۆ خوێندنەوەی توێژینەوە دەچێت کە ئەویش تەنها لە (6.5%)ە لە هەفتەیەکدا. هەروەها رێژەیەکی زۆر زیاتر کە دەکاتە نزیکەی چوار ئەوەندە (22.15) هەرگیز مەیلیان بۆ خوێندنەوەی توێژینەوە ناچێت. ئەمەش رێژەیەکی زۆرە و بە بەربەستێکی گەورە دادەنرێت لەبەردەم پراکتیزەکردنی EBP لەنێو دامەزراوەکان. هەرچەندە رێژەی خوێندنەوەی بابەتی پەیوەندیدار وەک (کتێب، گۆڤار و رۆژنامەکان) بە بواری پسپۆریەکەی خۆیان زیاترە، بەڵام ئەوەی لێرە گرنگە ئاماژەی پێ بدرێت توێژینەوەی زانستیە کە تایبەتە بە هێلکاری یەکەم، چونکە EBP لەسەر بنەمای توێژینەوەی زانستی نوێ پراکتیزە دەکرێت.



ژمارە (١)

هێلکاری سەرەوە ڕادەی دووبارەبوونەوەی خوێندنەوەی توێژینەوە و بابەتی پسپۆڕی لە لای نموونەیەکی (١٨٩٧) کەسی پسپۆرانی بواری کاری کۆمەڵایەتی دەخاتەڕوو.(Joakim, et al., 2020)

**دووەم: گومان و هەڵوێستی توێژەر بەرامبەر بە EBP**

بەربەستێکی تر کە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لەسەر جێبەجێکردنی EBP، بریتییە لە گومان و هەڵوێستی توێژەرانی کۆمەڵایەتی لەسەر پراکتیزەکردنی بیرۆکەی نوێ و ترسان لە بەڵگەکان بەمەبەستی پراکتیزەکردنیان. (Khalaf, 2022; Foster, 2012; Rice, et al., 2010; Zwet, et al., 2019; Abdelaal, 2021)لەوانەیە بیروباوەڕی چەسپاو، ترس لە نەزانراو یان هەستکردن بە دڵسۆزی بۆ ڕێنمایی و ڕێساکانی دامەزراوەکان، وا لە توێژەران بکەن بۆئەوەی بترسن لە ئەنجامدانی کاری نوێ و داهێنەرانە. هەروەها هەندێکجار توێژەرانی کۆمەڵایەتی گومانیان لە توێژینەوە و زانیاریە نوێیەکان هەیە؛ دوودڵن لە وەرگرتنی بەڵگەی نوێ بەبیانوی ئەوەی ئەو زانیارییانە هێشتا تازەن و پێشتر پراکتیزە نەکراون بەسەر واقیع و ژیانی ڕۆژانەدا، یان گومانیان لە ڕەوایەتی توێژینەوەکان هەیە لەئەگەری بوونی مەترسی بۆ کڵاینتەکان. هەرلەبەرئەوە لایان باشترە کە لەسەر میتۆدە کلاسیکیەکان بەردەوام بن، چونکە ئەزموونیان لەگەڵ میتۆدە کلاسیکیەکان هەیە و ئاسودەترن لە پراکتیزەکردنی ئەو میتۆدانە. ئەمەش دەکرێت پەیوەندی بە شارەزایی و لێهاتوویی توێژەرە کۆمەڵایەتیەکە هەبێت، بەمانایەکی تر، ئەگەر توێژەرە کۆمەڵایەتیەکە ئەزموونی جێبەجێکردنی EBP نەبێت و هیچ ڕاهێنانێکی وەرنەگرتبێت و لێهاتووی لە پراکتیزەکردنی مۆدێلەکە کەم بێت ئەوە دەبێتە ڕێگر لەبەردەم جێبەجێکردنی شێوازە نوێیەکان و پێشکەوتن لەم بوارەدا.

**باسی دووەم: ئەو بەربەستانەی پەیوەندی بە دامەزراوەکە هەیە**

بەهەمان شێوە ئەم بەربەستەش دەکرێت پۆلین بکرێتە سەر سێ جۆر لەوانە:

**یەکەم: نەبوونی ڕاهێنان و خولی تایبەت بە EBP لەنێو دامەزراوەکاندا**

لەراستیدا نەبوونی خول و ڕاهێنان بۆ توێژەرانی کۆمەڵایەتی بەربەست و ئاستەنگی زۆر گەورە دروستدەکات لەبەردەم بە پراکتیزەکردنی توێژینەوە نوێیەکان لەلایەن توێژەرانی بواری کاری کۆمەڵایەتیدا (Khalaf, 2022; Foster, 2014) کاتێک توێژەرانی بواری کاری کۆمەڵایەتی لەنێو دامەزراوەکە ڕاهێنانی تایبەتیان سەبارەت بە EBP پێ ناکرێت، ئەوە ئاگاداری ئەوە نابن کە پراکتیزەکردن لەسەر بنەمای بەڵگە چیە و زانیاریان دەربارەی بنەما و شێواز و تەکنیکەکانی پەیوەست بەو بابەتە لەئاستێکی پێویست نابێت، بۆیە کەمی ئەو زانیارییانە دەتوانێت ڕێگری لە توانای ئەوان بکات لە تێکەڵکردنی کاریگەرانەی دۆزینەوەکانی توێژینەوەکان لەگەڵ کڵاینتەکان. بەبێ ڕاهێنانی پیشەیی تایبەت بە EBP توێژەران ئەو کارامەییەیان نابێت کە بەسودن بۆ دۆزینەوەی بەڵگەی زانستی سەلمێنراو بۆ مەبەستی پراکتیزەکردن بەسەر کڵاینتەکاندا. لەگەڵئەوەشدا، دەستڕاگەیشتنێکی سنوردار بە بەرنامەکانی ڕاهێنان و کۆنفرانسەکان و دەرفەتی بەردەوام دەتوانێت ڕێگری

لەتوانای توێژەرانی کۆمەڵایەتی بکات بۆ ئەوەی ئاگاداری نوێترین توێژینەوە و باشترین پراکتیزەکان نەبێت کە لە جیهاندا جێبەجێدەکرێت.

**دووەم: بەدۆکیومێنت نەکردنی پرۆسەی چارەسەرکردنی کەیسەکان لەلایەن دامەزراوەکان**

کاتێک پرۆسەکانی پراکتیزەکردن لەسەر بنەمای بەڵگەهێنانەوە بە دۆکیومێنت ناکرێن، ئەوە چەندین بەربەست و ئاستەنگ بۆ جێبەجێکردن و بەردەوامی EBP سەرهەڵدەدەن (Backer, 2005)، چونکە بەبێ بوونی بەڵگەنامەیەکی روون و ئاشکرا ناڕوونیەک لە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی پرۆسەکە دروست دەبێت، ئەمەش وا لەتوێژەرانی کۆمەڵایەتی دەکات ئەستەم بێت بۆ ئەوەی بەدوای ڕێبازێکی ستانداردی زانستی بکەون و پەیرەوی بکەن، لەگەڵئەوەشدا، ئەم بەربەستانە درێژە دەکێشێت بۆ سەرلێشێواوی و ناکارامەیی و سەختی لە دووبارەبوونەوەی ئەو ڕێگا و هەڵسەنگاندنانەی بۆ سەلماندنی ئەوەی ئایا پراکتیکەکە بە دروستی جێبەجێ دەکرێت یان ئایا دەرئەنجامە خوازراوەکان بەدەست دەهێنرێن یان نا. جگەلەمانەش، بەبێ دۆکیومێنتکردنی پرۆسەکان، لەوانەیە توێژەرانی کۆمەڵایەتی هەنگاوە گرنگەکان پشتگوێ بخەن یان گریمانە هەڵەکان تاقیبکەنەوە و سەلامەتی کڵاینتەکان لەم حاڵەتەدا دەکەوێتە مەترسی.

**سێیەم: نەبوونی سەرچاوەی ماددی، مرۆیی و زەحمەتی لە دەستڕاگەیشتن بە توێژینەوەکان**

سەرچاوە ماددیەکان وەک، ئامێر و کۆمپیوتەر و تەکنەلۆژیا و ئامرازی پێویست و گرنگن لە بەردەوام بوونی مۆدێلێکی گرنگی وەک EBP لەنێو هەر دامەزراوەیەک (Foster, 2014; Backer, 2005; Khalaf, 2022)، بۆیە بەبێ دەستڕاگەیشتنی توێژەرانی کۆمەڵایەتی بەم سەرچاوە ماددیانە بەربەستی گەورە لەبەردەم کۆکردنەوە و هەڵسەنگاندنی توێژینەوەکان و شیکردنەوەیان دروست دەبێت. پێویستی ئەمڕۆی جیهان بەبێ ئامرازە پێشکەوتووەکانی وەک کۆمپیوتەر وای کردووە ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستی و کواڵێتی بەرز ئەستەم بێت، بەتایبەتی کاتێک توێژینەوەکان پێویستیان بە پشتگیری هەندێک لایەنی ئاماری بەرز دەبێت. جگەلەمەش، دەستڕانەگەیشتینی توێژەرانی بواری کاری کۆمەڵایەتی و ئاسانکاری نەکردنی دامەزراوەکە بۆ توێژەرەکە لە بەدەستهێنانی نوێترین سەرچاوە و توێژینەوەی زانستی بەربەستێکی کاریگەرە لە بەردەم پراکتیزەکردنی ئەم مۆدێلە. لەسەر هەمان بنەمادا، هەندێک جار ڕێسا و یاساکانی دامەزراوەکە ڕێگە بە توێژەرانی کۆمەڵایەتی نادەن بۆ جێبەجێکردنی مۆدێلێکی وەک EBP ئەمەش دەکرێت یەکێکی لە هۆکارەکان پەیوەندی هەبێت بە بەرزی ڕێژەی بیرۆکراسی دامەزراوەکە لەسەر توندی یاسا و ڕێسا کۆنەکان کە ئەولەویاتی پاراستنی ئەو ڕێسایانەن و گۆڕینیان کارێکی زەحمەتە.

**باسی سێیەم: ئەو بەربەستانەی پەیوەندی بە خودی توێژینەوەکەوە هەیە**

لەراستیدا جۆری ئەو توێژینەوانەی ئەنجام دراون هەندێک جار دەبێتە بەربەستێکی کاریگەر لەبەردەم توێژەرانی بواری کاری کۆمەڵایەتی (Farley, et al., 2009; Zwet, et al., 2019; Pindell & Kimball, 2020; Abdelaal, 2021)، ئەمەش لەبەر چەند هۆکارێک؛ یەکێک لەو هۆکارانە پەیوەندی بە ئاڵۆزی شێوازەکانی توێژینەوەکە هەیە. هەندێک لە جۆری توێژینەوەکان وەک ئەو توێژینەوانەی لەسەر بنەمای دیزاینی ئەزموونی یان تاقیکردنەوەی هەڕەمەکی کۆنترۆڵکراو (RCT) ئەنجامدراون ڕەنگە پراکتیزەکردنیان کارێکی ئاسان نەبێت بەهۆی لایەنی ئیتیکی توێژینەوەکە (Research Ethics)،

ئەمەش لەبەرئەوەی ئەو توێژینەوانەی کە بەکاردێن بۆ EBP پێویستیان بە دیزاینێکی توێژینەوەی توند و ئاستێکی بەرزی رەوایەتی و متمانەیی بەرز هەیە. بۆنمونە ئەو توێژینەوانەی کە لە شوێنکی کۆنترۆلکراودا ئەنجامدراون یان گۆڕاوەکانیان کۆنترۆڵکراون رەنگە سودێکی وای بۆ توێژەرانی بواری کاری کۆمەڵایەتی نەبێت کاتێک پراکتیزەی دەکەن لەنێو واقیعی ژیانی رۆژانەدا یان توێژینەوەیەک لە کولتورێکی جیاوازتر ئەنجامدراوە، پراکتیزەکردنی بەسەر کولتوورێکی تری جیاواز زەحمەتە و ئاستی رەوایەتی و گشتاندنی توێژینەوەکە دادەبەزێت. بۆیە ناتوانرێت توێژینەوەکان راستەوخۆ پراکتیزە بکرێت بەسەر کڵاینتەکاندا.

هەندێکجار، ئەو توێژینەوانەی کراون لەکاتی هەڵسەنگاندندا، توێژەر بۆی دەردەکەوێت کە توێژینەوەکە ورد و دەقیق نین لە دەربرینیان بۆ کێشەکان و کۆمەڵگای مۆریی، بۆیە توێژەران لێرەدا توشی گرفتی بەگشتاندنی ئەو زانیارییە بەدەستهاتووانە دەبنەوە، چونکە لەکاتی پراکتیزەکردنی هەر توێژینەوەیەک توێژەرەکە پێویستە ئەو پرسیارانە بورژێنێت کە پەیوەندی بە تایبەتمەندیەکانی کۆمەڵگای توێژینەوەکە، نمونەی توێژینەوەکە، بنەما ئیتیکیەکانی توێژینەوەکە و ئەنجامەکانی توێژینەوەکە هەیە.

**دەرئەنجام**

دوای ئەوەی شیکردنەوەیەکی ناوەڕۆک بەشێوەیەکی سیستماتیک لەسەر بنەمای ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بۆ توێژینەوەکانی بەردەست ئەنجام دران، توێژەران گەیشتوون بەم ئەنجامەی کە گرنگترین ئەو بەربەستانەی کە رووبەڕووی EBP دەبێتەوە و دەبێتە رێگریەکی گەورە لە بەردەم ئەم مۆدێلە بریتیین لە سنورداری زانیاری پێویستی توێژەرەکە لەسەر میتۆدۆلۆژیا و توێژینەوەی زانستی، ئەمەش بۆئەوەی توێژەری کۆمەڵایەتی بتوانێت مۆدێلی EBP پراکتیزە بکات پێویستی بەوە هەیە ئاستی زانستی لە رێگاکانی ئەنجامدانی توێژینەوە و هەڵسەنگاندنی توێژینەوە بەردەستەکان ئەوەندە بێت، بتوانێت توێژینەوەکان بەشێوەیەکی رەخنەگرانە هەڵبسەنگێنێت و هەروەها توانای ئەوەی هەبێت کە باشترین توێژینەوە و رێگا هەڵبژێرێت کە لەگەڵ بەها و کولتووری کڵاینتەکان گونجاوە. بۆیە کاتێک کەم و کوڕی لە بوونی مەعریفەیەکی زانستی بۆ ئەم لایەنە دەبێت ئەوە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی کێشە لە ئەنجامدانی توێژینەوە و گەڕان بەدوای باشترین بەڵگە و چارەسەر بۆ گیروگرفتەکانی کڵاینت. هەروەها بروابوونی توێژەران بە لایەنە کلاسیکەکانی ئەنجامدانی توێژینەوە و چارەسەرکردنی کەیسەکان لە بواری کاری کۆمەڵایەتیدا و گومان و دڵنیانەبوون بە توێژینەوە نوییەکان و دوو دڵی و ترسانیان لە پراکتیزەکردنی ئەو توێژینەوانە بەسەر کڵاینتەکاندا، وەک بەربەستێکی هەرە کاریگەر لەبەر دەم EBP دادەنرێت. بەشێکی تری بەربەستەکان پەیوەندی بە خودی دامەزراوەکە هەیە کە توێژەرە کۆمەڵایەتیەکە کاری تێدادەکات، واتە دامەزراوەکە ژینگەیەکی پێویستی بۆ پراکتیزەکردنی EBP نەڕەخساندووە، وەک نەبوونی راهێنان و خولی تایبەت بە EBP بۆ توێژەری کۆمەڵایەتی، چونکە بەبێ راهێنانی پیشەیی تایبەت بە EBP توێژەر ئەو کارامەییەی نابێت کە بەسودن بۆ دۆزینەوەی بەڵگەی زانستی سەلمێنراو و جگەلەمەش رێگری لە توانای توێژەرانی کۆمەڵایەتی دەکات بۆ دەستڕاگەیشتن بە بەرنامەکانی راهێنان و کۆنفرانسەکان و دەرفەتی بەردەوام لە ئاگاداربوون بە نوێترین توێژینەوە و باشترین پراکتیزەکان کە لە دونیادا جێبەجێ دەکرێت. بەربەستێکی تری کاریگەر کە پەیوەندی بە دامەزراوەکە هەیە بریتییە لە بەدۆکیۆمێنت نەکردنی پرۆسەی چارەسەرکردنی کەیسەکانی کڵاینت و دابین نەکردنی سەرچاوەی پێویستی ماددی و مرۆیی و زەحمەتی توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە دەستڕاگەیشتن بە

سەرچاوە زانستی و توێژینەوە نوێیەکان. کاتێک ئەو کەیسانەی پێشتر کاریان لەسەر کراوە بەدۆکیۆمێنت ناکرێن ئەوا ناڕوونیەک دروست دەبێت لەپرۆسەی بەڕێوەبردنی کەیسەکان، چونکە ئەستەمە توێژەرەکە بتوانێت بەدوای ڕێبازێکی ستانداردی زانستی بکەوێت و پەیڕەوی لێبکات. هەروەها کاتێک ئامرازە پێویستیەکان بۆ توێژەر دابین ناکرێت لەنێو دامەزراوەکە ئەوە دەستراگەیشتنی توێژەرەکە لە بەدەستهێنانی توێژینەوەی زانستی ئەستەم دەبێت. کۆتا بەربەستیش کە لەم توێژینەوەیە ئاماژەی پێکراوە پەیوەندی بە جۆری توێژینەوەکان هەیە کە بۆ پراکتیزەکردنی EBP بەکاردێن، بەواتایەکی تر زەحمەتی توێژینەوەکان لە گشتاندنیان بەسەر ژیانی ڕۆژانە و گواستنەوەیان بۆ لایەنی پراکتیکی دەبێتە بەربەستێکی کاریگەر لەبەردەم EBP. ئەمەش پەیوەندی بە جۆری ئەو توێژینەوانە هەیە کە ئەنجامدراون، بۆنمونە ڕەنگە ئەو توێژینەوانەی کە گۆڕاوەکانیان بە شێوەی کۆنترۆڵکراو ئەنجام دەدرێت ڕەنگە پراکتیزەکردنیان کارێکی ئەوەندە ئاسان نەبێت یان ئاستی گونجاویان لەگەڵ واقیع و ژیانی ڕۆژانەدا ئەوەندە کەم بێت توانای پراکتیزەکردنیان لاواز بکات بەتایبەتی کاتێک ڕووبەڕووی کێشەی ئیتیکی توێژینەوە دەبنەوە، ئەمەش لەبەرئەوەی ئەو توێژینەوانەی کە بۆ پراکتیزەکردنی EBP بەکاردێن، پێویستە توێژینەوەیەک بن لەرووی دیزایین و میتۆدۆلۆژیاوە ئاستێکی بەرزیان هەبێت و توانای گشتاندنیان لەئاستێکی باڵا بێت.

## سەرچاوەکان

Babker, A. (2023). Impact of the Flexner's report on health professional education. World Journal of Advanced Research and Reviews. USA.

Bolzan, N. (2007). A Definition of Social Work for Practice. Asian Social Work and Policy Review1. Sydney-Australia.

Cochrane, A. (1972) Effectiveness and Efficiency: Random Reflections on Health Services. Royal Society of Medicine Press, London.

Eliasson, B. (2014). Social Work Approaching Evidence-Based Practice- Rethinking Social Work. Doctoral Thesis at Lulea University of Technology.

Flexner, A. (1910). Medical Education in the United States and Canada: A Report to the Carnegie Foundation for the Advancement of Teaching (Bulletin No. 4). The Carnegie Foundation for the Advancement of Teaching, New York City.

Gambrill, E. (2018). Evidence-Based Practice: An Alternative to Authority-Based Practice (Revisiting Our Heritage). Families in Society: The Journal of Contemporary Social Services. 99. 104438941878669. 10.1177/1044389418786699.

Gray, M., Plath, D. & Webb, A. (2009). Evidence-based Social Work. A critical Stance. London, New York: Routledge.

Hepworth, D. H., Rooney, R. H., Rooney, G. D., and Strom-Gottfried, K. (2017). Direct social work practice: Theory and skills (10th ed.). Boston, MA: Cengage Learning.

Morales, E., & Norcross, J. C. (2010). Evidence based practices with ethnic minorities: strange bedfellows no more. Journal of Clinical Psychology, 66, 821–829.

Rycroft-Malone J, Seers K, Titchen A, Harvey G, Kitson A, McCormack B. What counts as evidence in evidence-based practice? Journal of Advanced Nursing. 2004;47(1):81-90. DOI: 10.1111/j.1365-2648.2004.03068. x.

Trinder, L. and Reynolds, S. (2000). Evidence-based practice: a critical appraisal. Oxford: Blackwell Science.

Tripodi, T. (1994). A primer on single-subject design for clinical social workers. National Association of Social Workers. Washington, DC.

توێژینەوە سەرەکیەکان

Abdelaal, H. (2021). Requirements of Applying Evidence-Based Practice of Social Work in Secondary Schools. *Egyptian Journal of Social Work*, 12(1), 79-100. doi: 10.21608/ejsw.2021.57334.1122.

Backer, T. (2005). Implementation of Evidence-Based Interventions: Key Research Issues. *Human Interaction Research Institute.*

Farley, A., Feaster, D., Schapmire, T., D'Ambrosio, J., Bruce, L., Oak, C. & Sar, B. (2009). The Challenges of Implementing Evidence Based Practice: Ethical Considerations in Practice, Education, Policy, and Research. Social Work and Society. 7.

Foster, R. (2014). Barriers and Enablers to Evidence-Based Practices. Kaira Ranga. 15. 50-58. 10.54322/kairaranga. v15i1.181.

Joakim F., Tor-Johan E. & Ira Malmberg-Heimonen (2020): Social workers use of knowledge in an evidence-based framework: a mixed methods study, European Journal of Social Work, DOI: 10.1080/13691457.2020.1783214

Khalaf, M. (2022). The perceptions of social workers about barriers to implementing Evidence-Based Practice in School Social Work settings in two Arab countries. *Egyptian Journal of Social Work*, 14(1), 105-120. doi: 10.21608/ejsw.2019.10423.1048

Pendell, Kimberly D. and Kimball, Ericka, (2020). "Academic Library Instruction, Evidence-Based Practice, and Social Workers: An Exploratory Survey" Library Faculty Publications and Presentations. 320. https://pdxscholar.library.pdx.edu/ulib_fac/320

Rice, K., Hwang, J., Abrefa-G. & Tina Powell, K. (2010). Evidence-Based Practice Questionnaire: A Confirmatory Factor Analysis in a Social Work Sample. Advances in Social Work. 11. 158-173. 10.18060/897.

Van der Zwet, R.J., Benecken G. K., D.M., Schalk, R., & Van Rememorate, T. (2019). Implementing Evidence-Based Practice in a Dutch Social Work Organization: A Shared Responsibility. *The British Journal of Social Work*.

# Evidence-Based Practice in Social Work: An Emerging Academic Discipline - A systematic Review

Goran Hasan Hussein, Asst. lecturer, Sociology Dept.
Hassan Waisy Asmar, Asst. lecturer, Social Work Dept.

Evidence-based practice is a new approach that has been used in medicine for years and its importance in social work dates back to the last decade of 20th century. The perspective emphasizes on the importance of using scientifically reliable evidence to make more effective practical decisions in social work, which increases the likelihood of success. The main goal of this approach is to include methods that can strengthen the link between theory and practice. On this basis, the main purpose of this research is to analyze several contemporary and practice-related researches in order to introduce the impact and obstacles of this new perspective in the field of social work. Social workers often draw on their own personal experiences, the experiences of others and experts in their work, especially in their treatments, strategies and decision-making processes, and refer less to contemporary evidence obtained through research. Therefore, we believe that these methods are not sufficient for accurate decision-making and case handling.

The research relies on qualitative data, and the content analysis method is used to analyze the data and information. In this study, the researchers systematically reviewed the latest research in this area to identify common barriers to the practice of the EBP.

In conclusion, researchers have found that there are several obstacles in the development of this model, including limited knowledge of social workers for evidence-based practice (EBP) and researcher doubts and anxieties about applying new research to everyday life and reality, as well as, lack of academic courses and training for social workers in the institution, lack of systematic documentation of cases, and limited access of social workers to scientific-academic resource and researches, furthermore, research-related barriers such as weaknesses in legitimacy and methodological reliability.

**Keywords**: evidence, evidence-based practice, social work, social worker, systematic review.